اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ الْخَيْرِ كُلِّهِ، عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ الشَّرِّ كُلِّهِ، عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ

له عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری ئەم نزایەی کرد: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ الْخَيْرِ كُلِّهِ، عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ الشَّرِّ كُلِّهِ، عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ مَا سَأَلَكَ عَبْدُكَ وَنَبِيُّكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا عَاذَ بِهِ عَبْدُكَ وَنَبِيُّكَ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ، وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ النَّارِ، وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ، وَأَسْأَلُكَ أَنْ تَجْعَلَ كُلَّ قَضَاءٍ قَضَيْتَهُ لِي خَيْرًا»، واتە: «خودایە من داوای هەموو خێرێکت لێدەکەم نزیک ودووری، ئەوەی دەیزانم وئەوەی نایزانم، وپەنا بە تۆ دەگرم لە هەموو شەڕێک، نزیک ودووری، ئەوەی دەیزانم وئەوەی نایزانم، خودایە داوای هەموو خێرێکت لێدەکەم کە بەندە وپەیامبەرەکەت داوای لێکردوویت، خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە هەموو شەڕێک کە بەندە وپەیامبەرەکەت پەنای بە تۆ گرتووە لێیان، خودایە داوای چوونە بەهەشتت لێدەکەم وهەر کردەوە وقسەیەک ببێتە هۆی نزیکبوونەوە لە بەهەشت، وپەنا بە تۆ دەگرم لە دۆزەخ وهەر وتە وکردەوەیەک ببێتە هۆی نزیکبوونەوە لە دۆزەخ، خودایە داوات لێدەکەم هەموو قەزا وبڕیارێک لەسەرم بڕیارت داوە خێر بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه ابن ماجه وأحمد)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- عائیشەی فێر نزایەکی گشتگیر کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەم نزایە لە چوار بەش پێکهاتووە: یەکەم: نزایەکی گشتی بۆ هەموو خێرێك: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ الْخَيْرِ كُلِّهِ:خودایە من داوای هەموو خێرێکت لێدەکەم)؛ گشت خێرەکان، (عَاجِلِهِ:نزیکی)؛ نزیکترینیان لە کاتدا، (وَآجِلِهِ:ودووری)؛ وئەوەیان دوورە لە کاتدا، (مَا عَلِمْتُ مِنْهُ:ئەوەی دەیزانم)؛ لەوەی فێری منت کردووە، (وَمَا لَمْ أَعْلَمْ:وئەوەی نایزانم)؛ ئەوەی کە لە زانستی تۆدا هەیە. هەروەها سپاردنی کاروباری بەندەیە بە اللە ی زانا وشارەزا ومیهرەبان؛ بۆیە بۆ مسوڵمان ئەوەیان هەڵدەبژێرێت کە چاکترین وخێرترینە، (وَأَعُوذُ بِكَ:وپەنا بە تۆ دەگرم)؛ داوای پارێزگاری وپاراستن لە تۆ دەکەم، (مِنْ الشَّرِّ كُلِّهِ، عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ:لە هەموو شەڕێک، نزیک ودووری، ئەوەی دەیزانم وئەوەی نایزانم). نزای دووەم: بۆ داواکردنی پاراستنی مسوڵمانە لەوەی تووشی سنوور تێپەڕاندن بێت لە نزاکردندا؛ (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ:خودایە داوات لێدەکەم)؛ لێت دەپاڕێمەوە، (مِنْ خَيْرِ مَا سَأَلَكَ عَبْدُكَ وَنَبِيُّكَ:هەموو خێرێک کە بەندە وپەیامبەرەکەت داوای لێکردوویت)؛ -صلى الله عليه وسلم-، (وَأَعُوذُ بِكَ:پەنا بە تۆ دەگرم)؛ داوای پارێزگاری وپاراستنم لە تۆ دەکەم، (مِنْ شَرِّ مَا عَاذَ بِهِ عَبْدُكَ وَنَبِيُّكَ:لە هەموو شەڕێک کە بەندە وپەیامبەرەکەت پەنای بە تۆ گرتووە لێیان)؛ -صلى الله عليه وسلم-، ئەم نزا وداواکردنە لە الله بۆ ئەوەیە نزاکار ئەوەی پێببەخشرێت کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای کردووە لە پەروەردگاری بۆ نەفسی خۆی، بەبێ ژماردنی جۆری ئەو شتانەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نزاکەیدا داوایکردووە. نزای سێیەم: داواکردنی چوونە بەهەشت ودوورکەوتنەوەیە لە دۆزەخ، وئەمیش داواکاری هەموو مسوڵمانێکە ومەبەستی سەرەکیە: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ:خودایە داوای چوونە بەهەشتت لێدەکەم)؛ وبردنەوە بە چوونە نێویەوە، (وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ:وهەر کردەوە وقسەیەک ببێتە هۆی نزیکبوونەوە لە بەهەشت)؛ ئەو قسە وکردەوە چاکانەی تۆ لێی ڕازیت، (وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ النَّارِ:وپەنا بە تۆ دەگرم لە دۆزەخ)؛ چونکە هیچ مرۆڤێك پارێزراو نییە لە کردەوەی ناشیرین مەگەر بە میهرەبانی خۆت مرۆڤ بپارێزیت لە تووشبوون پێیان، (وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ:هەر وتە وکردەوەیەک ببێتە هۆی نزیکبوونەوە لە دۆزەخ)؛ لەو تاوانانەی دەبنە هۆی تووڕەبوونت. نزای چوارەم: نزاکردن بەوەی مرۆڤ بەردەوام ڕازی بێت بە قەزا وقەدەری خوای

گەورە، (وَأَسْأَلُكَ أَنْ تَجْعَلَ كُلَّ قَضَاءٍ قَضَيْتَهُ لِي خَيْرًا:وداوات لێدەکەم هەموو قەزا وبڕیارێک لەسەرم بڕیارت داوە خێر بێت)؛ هەموو شتێك کە خوای گەورە قەزا وبڕیاری لەسەر داوە؛ داواکارم خێر بێت بۆ من، وئەم نزایە بۆ ڕازیبوونە بە قەزا وبڕیاری خوای گەورە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5487

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee